Sorani

# زانیاری بۆ نەخۆش دەربارەی تێستیQuantiFERON
# -سکرینکردن بۆ نەخۆشی تیوبەرکۆڵۆس (TB)

بۆچی دەرفەتێکت بە تۆ دراوە کە تێستی QuantiFERON بکەیت؟

بنکەی چاودێری مامان دەرفەتێک پێشکەش بە هەموو ئەو ژنە دووگیانانە دەکات کە لەو وولاتانەوە هاتوون مەترسی بوونی نەخۆشی سیل )تیوبەرکۆڵۆس( واتە)TB یان TBC(ی لە ئارادایە بۆ ئەوەی لە ڕێگای پروڤی خوێنەوە خۆیان تێست بکەن. ئەم تێستە پێشکەش بەو ژنەوگیانانەش دەکرێت کە لە کەمپی پەنابەراندا ژیاون یان لە هەندێ ژینگەدا ژیاون کە مەترسی گواستنەوەی نەخۆشی سیلی لێدەکرێت.

## تیوبەر کۆڵۆس )(TB چی یە؟

تیوبەرکۆڵۆس هەوکردنێکی درمە کە مرۆڤ بە هۆی بەکتریای تیوبەرکۆڵۆسەوە دووچاری دەبێت. زوربەی کات سیەکان دەگرێتەوە، بەڵام ڕەنگە هەوکردنەکە هەندێ بەشی تری لەشیش بگرێتەوە. تیوبەرکۆڵۆس لە بەشێکی گەورەی جیهاندا بڵاوە و نەخۆشیەکی جیدی یە. لە سوید ساڵانە نزیکەی ٧٠٠-٦٠٠ کەس نەخۆشدەکەون. زوربەی زۆری ئەو کەسانەی نەخۆش دەکەون لە دەرەوەی سوید لەدایکبوون.

## مرۆڤ چۆن تووشی نەخۆشی تیوبەرکۆڵۆس دەبێت؟

مرۆڤ تیوبەرکۆڵۆس لە کەسانی گەورەی نەخۆش بە تیوبەرکۆڵۆسی بەرەڵای سیەکانەوە تووش دەبێت. کاتێک نەخۆشەکە دەکۆکێت بەکتریاکان بە هەوادا بڵاودەبنەوە و ئەو کەسەی ئەو هەوایە هەڵدەمژێت کە وردە ڵۆپەی بەکتریای تێدایە بۆی دەگوێزرێتەوە. بە زۆری تیوبەرکۆڵۆس دەگوێزرێتەوە بۆ ئەو کەسانەی پەیوەندی نزیک و درێژخایەنیان لەگەڵ نەخۆشەکەدا هەیە.

## جیاوازی چیە لە نێوان ئەوانەی دوچاری توبەرکۆڵۆس بوون و ئەوانەی نەخۆشی توبەرکۆڵۆسیان بۆ دەگوێزرێتەو؟

ئەوانەی دووچاری نەخۆشی تیوبەرکۆڵۆس دەبن ژمارەیەکی زۆر بەکتریای چالاک لە شیاندا هەیە. ئەوان لە باری ئاساییدا نیشانەی نەخۆشیەکەیان پێوە دیارە وەک )کۆکە، دابەزینی کێش و تا(. ئەگەر توبەرکۆڵۆس چارسەر نەکرێت پەرە دەستێنێت و پەلاماری ئۆرگانەکانی تری لەش دەدات. توبەرکۆڵۆسی چارەسەرنەکراو ڕووەو زیانپێگەیاندنی هەمیشەیی بە جەستە و مردنی کەسەکە دەڕوات. کاتێک کەسێک نەخۆشیەکەی بۆ دەگوازرێتەوە بەڵام نەخۆش نیە توبەرکۆڵۆسی بە )متی( لە جەستەیدا هەیە. ژمارەی ئەو بەکتریایانەی لە جەستەیدایە کەمترن و چالاک نین. جا ئەوەی بۆی گوازراوەتەوە نەخۆش نیە و کەسانی تریش تووش ناکات. ڕەنگە لە ژیانی ئایندەیدا بەکتریاکان چالاک بنەوە و کەسەکە نەخۆش خەن. بۆیە مرۆڤ دەتوانێت دەرمان بدات بە کەسەکان بۆ ڕێگرتن لەوەی لە ئایندەدا نەخۆشکەون، ئەمەش پێی دەگوترێت چارەسەر بۆ ڕێگریگرتن لە نەخۆشیەکە. ئەوە بە تایبەت لە میانەی دووگیانێتیدا گرنگە، چونکە ئەو ژنانەی کە تازە منداڵیان بووە مەترسی زیاتریان لەسەرە بەکتریاکانیان لە نوستوو)متەوە( ببێت بە چالاک، کە جورێکی توبەرکۆلۆسە دەگویزرێتەوە بۆ کەسێکی تر. جا ڕەنگە ژنەکە منداڵە تازە لەدایکبووەکەش تووشکات کە لەوانەیە ئاکامی جیددی لێبکەوێتەوە.

## بۆچی مرۆڤ تێستی QuantiFERON ی بۆ دەکرێت؟

تێستی QuantiFERON دەتوانێت هەردوو جۆری توبەرکۆڵۆسی )درم( چالاک و توبەرکۆلۆسی نوستوو )مت( دەرخات. پێویستە توبەرکۆلۆسی چالاک یەکسەر چارەسەردەکرێت. هەروەها گرنگیشە ئەو ژنە دووگیانانەش دیاریکرێن کە توبەرکۆڵۆسی متیان هەیە، چونکە هەندێک جار پێویستیان بە چارەسەرێکی ڕێگر هەیە بە دەرمان. زوربەی کات ئەم جۆرە چارەسەریە پاش دووگیانێتی دەدرێت بە نەخۆش. لەو حاڵەتەدا مەترسیەکە کەمتر دەبێتەوە کە دووچاری توبەرکۆڵۆسی چالاک ببێت و مەترسیش لەسەر منداڵەکە کەمتر دەبیتەوە نەخۆش کەوێت.

## ئایا تێستی QuantiFERON چۆن دەکرێت؟

پروڤێکی خوێن لە بنکەی پێشوازی مامان لە با ڵوەردەگیرێت. پروڤەکە لە تاقیگەدا شیدەکرێتەوە و لە چەند ڕۆژێکدا مامانەکە وەڵامەکە وەردەگرێتەوە.